# پلانی فرۆشتن

## تایبەت بە کارساز و بەڕێوەبەر و فرۆشیاران

# Sales Plan



دانان و داڕشتن : نەزمی قادر

نوسەر و ڕاوێژکاری بزنس و مارکێتینگ

## ئەم پلان و بەرنامەیە دیاری ئێمەیە بۆ زیادکردنی فرۆش

**لە بزنسەکە جێبەجێی بکەن، وە مۆڵەتی بڵاوکردنەوەیت هەیە لەهەمو شوێنێك.**

AWAZHOME

**ئەکادیمیای ئاوەز هۆم**

# پلانی فرۆش چییە ؟

بەرنامەیەکی سادەیە وەك ئامرازێکە بە دەست ئێوە کە بەهۆیەوە دەتوانیت بگەیتە ئامانجەکانی بزنس و کۆمپانیا ، وە دەتوانیت خوێندنەوەی بازار و کڕیار و بەرهەم بگەیەنیتە ئاستێکی باڵا .

بەرنامەی فرۆش وەك (پلانی بزنس)ە بەڵام جیاوازی ئەوەیە کە بەرنامەی فرۆش تایبەتە بە ستراتیژییەکانی زیادکردنی فرۆش و گەیشتن بە تارگێتی دەسنیشان کراو ، خوێندنەوەی بازار و هەڵسەنگاندنی کڕیار و شێوازی دروستی نرخ دانان و ...

# قۆناغەکانی داڕشتنی پلانی فرۆش

# یەکەم : بەرپرسیارێتی و پێشینە

لەم بەشەدا بەڵگەی پێویست بوونی بزنسەکە ڕوون بکەنەوە ، بۆچی ئەم بزنسە دامەزراوە ؟ کورتەیەکی مێژوویی بنوسن.

- بەرپرسیارێتی بزنس یان کۆمپانیاکە بنوسن ... (بۆچی دامەزراوە ؟ )
- ئامانجی بزنس یان کۆمپانیا بنوسن ... (دەیەوێ بگاتە کوێ ؟)

**لە چوارچێوەی چیرۆك وەڵامی ئەوانەی سەرەوە بدەنەوە .**

# دووەم : تیم و کارمەندان

هەنگاوی دووەمی بەرنامەی فرۆش ، وردبونەوە لە ژمارەی کارمەندان و ڕۆڵ و ئەرکی سەرەکیان و ڕونکردنەوەی بەرپرسیارێتیان ، وە لە خۆتان بپرسن ئایا ژمارەی کارمەندان زیاد بکەین یان وەك خۆیان بن ؟ کام کارمەند گونجاوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرپەرەشتیاری فرۆشتن ؟ ئایا پێویست دەکات کارمەندی تر زیاد بکەین بۆ ئەوەی بگەینە ئەو تارگێتەی کە داماناوە بۆ فرۆشتن ؟

**بە کام کارمەندانە زیاتر و باشتر و خێراتر دەتوانین بگەینە ئامانج و تارگێت ؟**

پێکهاتەی ئیداری بەشی فرۆشتان دیاری بکەن و ڕۆڵ و ئەرکی هەر کارمەندێك بنوسن.

# ڕۆڵی کارمەندانی فرۆشتن دیاری بکەن

لە خوارەوە ئەرك و بەرپرسیارێتی کارمەندان دیاری بکەن بۆ ئەوەی بە ڕوونی بزانن دەبێت چی بکەن .

| ناوی کارمەندان | ئەرکەکان | گرنگترین بەرپرسیارێتی | تێبینی |
|---|---|---|---|
| A | | | |
| B | | | |
| C | | | |

# سێیەم : بازاری ئامانج (کڕیار ناسی)

ئەم بەشە تایبەت بکە بەوەی کە:

ئامانجی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی ئێوە بۆ چ کەسانێکن دیارییان بکەن ...

تایبەتمەندی کلیلی کڕیارەکانتان بنوسن ...

زانیاری کڕیارەکانتان بنوسن : تەمەن ، ناوچە ، ئاستی خوێندن ، باری دارایی ، ڕەگەز و ...

باشترین کڕیارەکان کێن ؟ لە چ شوێنێکن ؟ چۆن بیاندۆزینەوە ؟

**خاڵی کلیلی : لە وانەیە دوای وەرگرتنی ئەزمون لە بازار و نرخ و فرسەتەکان و بەرهەمەکان پێویست بکات ئەم بەشە دەستکاری و تازە بکەنەوە .**

## ▪ به ئامانج دانانی ناوچەکان

ناوچەی بازاری ئامانج بناسن و دەستنیشانی بکەن ، ئەگەر لق یان مەندوب یان وەکالەتان لە شوێنانی تر هەیە ، بزانن کام ناوچانە زیاتر دەخەنە ناو پێشینەی کارتانەوە.

وە ئەگەر تەنها یەك ناوچەتان بۆ فرۆشتن هەڵبژاردووە هۆکاری دەسنیشانکردنی ئەو ناوچەیە بنوسن .

## ▪ کەسێتی کڕیار

چ کڕیارێك گونجاوە بەم بەرهەم و خزمەتگوزارییانە؟

لە چ ناوچەیەکن ؟ زیاتر سەرقاڵی چین ؟ بە چ شتێك کاریگەر دەبن ؟ چۆن بیاندۆزینەوە؟

# لابردن

بۆ گەیشتن بەو تارگێتەی داماناوە گرنگە بزانین و ڕوونی بکەینەوە کە چ کەسانێك ناکەینە کڕیاری خۆمان ؟

پێویست ناکات هەموان بکەیتە کڕیاری خۆت .

# گەشتی کڕیار

- بەو ڕێڕەوەی کە کڕیار ئاشنایی پەیدا دەکات بە بەرهەم یان خزمەتگوزاری تا ئەو کاتەی دەیکڕێت، دەوترێت گەشتی کڕیار .

بۆ نمونە: ریکلامی کاڵایەکی خۆتان دەکەن لە سایت یان سۆشیال میدیا ، ژمارەیەکی زۆر خەڵك(کڕیاری گریمانەیی) دەیبینین ، سەیری کاڵاکە دەکەن و بۆچونی کەسانی تر دەخوێنەوە و بەراوردی دەکەن لە گەڵ هی ڕکابەرەکانت ، پاشان دوای وردبونەوە لە نرخ و کواڵتی و خزمەتگوزارییەکان بڕیاری کڕین دەدەن ، بەمە دەڵێن گەشتی کڕیار .

- گەشتی کڕیارەکانتان ڕونبکەنەوە و سەرەداوی پەیوەندییەکان دەستنیشان بکەن، وەك خاڵی پەیوەندی و کەناڵەکانی زانیاری لە سەر ئاگاداربونیان لەسەر کاڵاو خزمەتگوزارییەکانی ئێوە .

ئەم بابەتە بکەنە ئەرکی یەکێك لە بەشەکانی فرۆشتن ، بەشی خزمەتگوزاری دروست بکەن و پشتیوانی کڕیار و پەیوەندییەکان بخەنەکار .

# چوارەم : ئامرازو سەرچاوەکان

فرۆشیارەکانی زۆرێك لە کۆمپانیاکانی کوردستان، گلەیی ئەوەیان هەیە ، کە بۆ گەیشتنیان بەو تارگێت و ئاستی فرۆشە ، ئامراز و سەرچاوە ناخەیە بەردەستیان .

لەم بەشە ڕوونی بکەنەوە کە تیمی فرۆش پێویستان بە چ سەرچاوە و ئامرازێك هەیە بۆ زیادکردنی فرۆش ، تەواوی کەرەستەکان وەك : ئەپ ، سایت ، تابلێت ، CRM ، بروشەری کاڵاکان ، داتابەیسی زانیاری کڕیار ، توێژینەوەکان ، سەنەد و بەڵگەنامەکان .

# پەیوەندی نێوان بەشەکانی فرۆشتن

کاڵا لە کارگە و ناوچەی بەرهەمهێنانەوە دواتر کۆگا و ئەنبار و تاوەکو دەگاتە دەستی بەکاربەر ، بە کۆمەڵێك قۆناغدا دەڕوات ، پێویستە جۆری پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕونبکەیتەوە ، تیمی فرۆش و گەیاندن و پشتیوانی چۆن کار دەکەن ؟ چۆن زانیارییەکان دەگەیەنن بە یەکتری ؟ چۆن هەڵەی نێوانیان کەم بکەینەوە ؟

- فێرکاری و ڕاهێنان : تەواوی فێرکارییە پێویستەکان بۆ تیم و کارمەندا لێرەدا بنوسن :

# پێنجەم : شوێنگەی بزنس یان کۆمپانیا

بیر لە شوێنگەی بزنسەکە بکەنەوە بزانن لە هزری کارمەند و کڕیارەکاندا چۆنە ، ئەم بەشە پێکدێت لە نوسینی خاڵی بەهێز ، خاڵی لاواز ، دەرفەتەکان ، مەترسییەکان .

شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بزنس کارێکی گرنگە بۆ ئەوەی بزانین ئێستا لە کوێی و لە چ ئاستێکین و دەمانەوێ بگەینە کوێ ؟

دۆخی ئێستای بزنسەکە لە بازاردا چۆنە ؟ قەبارەی بزنسەکە لە بازاردا چۆنە ؟ چەنێك کاریگەری و هێزیان هەیە لە ناو بەکاربەر ؟

# بەهای پێشنیار کراو

بە شێوەیەکی گشتی بزنس ، بەرهەم و کاڵا ، یان خزمەتگوزارییەکان چ سودێکی هەیە بۆ کڕیار کە وای لێدەکات ڕایکێشێت بۆ کڕین ؟ ئەو کێشە چییە کە پێویستە چارەسەری بکەیت ؟ دەیانگەیەنێت بە چ خەون و ئارەزویەك ؟

- ستراتیژی ڕکابەری نرخ و نرخدانان

ئەم بەشە تایبەت دەکەین بە شێوازەکانی دیاریکردنی نرخ . نرخدانان لەسەر بنەمای کواڵتی . نرخ لەسەر بنەمای نرخی ڕکابەر ، نرخدانان لەو بازارانەی ڕکابەری تیا نییە ، نرخ بۆ ئەو بەرهەمانەی کە تەنها لای ئێوە هەیە . نرخ لەسەر ئەو بەرهەمانەی کە بەکاربەری زۆرە ، وە ...

# مەترسییەکانی بازار

ریسك و مەترسییەکانی بازاری بزنسەکە دیاری بکەن ، وەك ریسکی سەرمایەی پارە ، ریسکی دۆخی سیاس و ئابوری وڵات ، ریسکی نەبونی بەرنامە و ستراتیژی ڕوون ، ریسکی نەبونی پەیوەندی و عیلاقات ، تۆیش بیانوسە ...

- ستراتیژ و جیاوازی ڕکابەری :

چ شتێك بزنسەکە جیاواز و بەهێزتر دەکات لە ڕکابەرەکان ؟ چ شتێك لە ئێوەدا هەیە کە لە ڕکابەرەکاندا نییە ؟ چ پێشنیار یان ئۆفەرتان هەیە کە شوێنانی تر نیانە ؟ بەرهەمەکانی ئێوە جیاوازییان لە هی ئەوان چییە ؟

# شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕکابەران

- بەهێزی ڕێژەیی

دارایی و سەرچاوەکانی بزنسەکە کە ڕکابەرەکان نیانە چییە ؟

- لاوازیی ڕێژەیی

ڕکابەرەکان لە چ بوارێکدا لە ئێوە بەهێزترن ؟

# خاڵی بەرامبەرکێی ڕکابەرەکان

ئەگەر لە گفتوگۆی فرۆشتن هەستان کرد خاڵێکی لاوازی ڕێژەییتان هەیە ، لە کام خاڵی بەرامبەرکێ سود وەردەگرن بۆ چارەسەرکردنی ؟

| ناوی ڕکابەر | خاڵی بەهێزی | خاڵی لاوازی | خاڵی بەرامبەرکێ |
|---|---|---|---|
| ڕکابەری 1 | | | |
| ڕکابەری 2 | | | |
| ڕکابەری 3 | | | |

# دەرفەتەکانی بازاری تازە

فرسەتەکانی بازاری تازە دەستنیشان بکەن کە بزنسەکە توانای فراوانسازی و گەورەبوونی هەیە ، کام کالا دەتوانین سەرەتا ببەینە ئەو بازارە ؟ ئەو بازارە لە چ شار و ناوچەیەکە ؟ کەناڵەکانی پەیوەندی کردن بەم بازارەوە ڕوونبکەنەوە ...

بەرهەمەکان جگە لەم بازارەی ئێستا بۆ چ ناوچەیەکی تر گونجاون ؟

کام کارمەندانە ئەم بازارە تازە بەڕێوە دەبەن ؟ بە چ شێوازێك پێیان بفرۆشین (کاش ، قیست) ؟

جیاوازی خواست و حەزی ئەم بازارەی ئێستا لە گەڵ بازارەکانی تر چییە ؟ چ گۆڕانکارییەك پێویستە بکەین لە شێوازی خستنەڕوو و ناردن و پێچانەوە و ...

# بەژداربە لە تازەترین خولی
# پێشکەوتووی مامۆستا نەزمی قادر

بابەت و ناوەڕۆکی خولەکە  تازە و لە هیچ شوێنێك دەستان ناکەوێت وە گونجاوە بە ژینگەی کوردستان.

[بۆ سەیرکردنی وانەی خولەکە (کلیك بکە)]



# شەشەم: ستراتیژی بازارسازی

ڕوکارێکی گشتی لە ستراتیژی بازارسازی بخەنە ڕوو ، ئەوەی کە تیمی فرۆش و فرۆشیارەکانتان پێویستە بزانن ڕوونی بکەنەوە . لەبارەی بڕاند و کواڵتی و جۆرەکانی بازار و کڕیارەکان و ...

فێریان بکەن چ بەرهەمێك پێویستە زیاتر بفرۆشین ؟ لە کام بازار ؟ بە چ جۆرە کڕیارێك بفرۆشین؟

لە بەشەکانی تر جۆرەکانی بازارسازیمان خستوەتە ڕوو بۆتان :

# 1- بازارسازی ناوەڕۆك(زانیاری بڵاو کردنەوە)

بەهێزترین جۆری بازارسازییە بە تایبەت بۆ دروستکردنی ترافیك و گۆڕین . ئەوەی بازارسازی ناوەڕك دەیکات ڕاکێشانی کڕیاری گریمانەیی و گۆڕینیان بۆ کڕیاری واقعی .

فێرکردنی کڕیارەکان بۆ شێوازی بەکارهێنانی کاڵا و چۆنیەتی سود لێوەرگرتنی بە هەنگاوێکی گرنگی پەیوەندی دروستکردن دێت لەگەڵ کڕیارەکان . پاش ماوەیەك ئەم کڕیارە گریمانەیانە دەبنە واقعی و یەکەم کڕینی خۆیان دەکەن .

## 2- بازارسازی بزوێنەری گەڕان SEM

بزنسێك لەکاتی گەڕان نەدۆزرێتەوە جیاوازی نییە لە گەڵ بیابانێکی وشك و بێ ئاو .جیاوازی زۆرە لە نێوان هەبوونی سایت وە سۆشیال میدیا ، هەموتان لە سۆشیال میدیا وەك کرێچین ، وە خاوەنداریێتی تەنها لە سایت هەیە .

دەبێت لە کاتی گەڕان لە گۆگل بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی ئێوە بدۆزرێنەوە . وە لە گۆگڵ بکەویتە ریزبەندی یەکەم لە لاپەرەی یەکەم .

سایت یەکێکە لە باشترین میدیاکان کە پەیوەندییەکی متمانەپێکراو دروست دەکات لە گەڵ بینەر و کڕیارەکانتان .

## 3- بازارسازی ڤیدیۆیی

ڤیدیۆ مارکێتینگ پرۆسەیەکی خێرا و گرنگە بۆ ناساندنی ئێوە بە بازار و کڕیارەکان . بە پێی توێژینەوەکانی ساڵی 2022 ئەو بزنس و کۆمپانیایانەی کە بەرنامەی ڤیدیۆ مارکێتنگیان هەیە ئاستی گەشەکردنیان 43% زیادی کردووە لە ڕوی زیادبونی داهاتەوە ، بە بەراورد بە ڕکابەرەکان.

جۆرەکانی تۆمارکردنی ڤیدیۆ دەکرێت لەمانە پێکهاتبێت :

- ڤیدیۆی ناساندنی کاڵا
- ڤیدیۆی جیاوازییەکانی کاڵا و بەرهەم لە هی ڕکابەرەکان
- ڤیدیۆی زانیاری لەسەر کاڵا و بەرهەم
- ڤیدیۆی فرۆشتن
- ڤیدیۆی ئۆفەر و پێشنیاری قبوڵکراو

## 4- بازارسازی سۆشیال میدیا

سەرنجی ئەم ئامارانە بدە :

زیاتر لە 54% بەکاربەران بۆ توێژینەوە لە سەر بەرهەمەکان و براندەکان سود لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەردەگرن.

لە 89% شوێنکەوتەکانی براندێك لە سۆشیال میدیا دەگۆڕێن بۆ کڕیار .

بە نوسین و ڤیدیۆ و وێنە و ... بابەت بلاو بکەنەوە گونجاو بە کاڵا و بەرهەمەکان .

**ئەگەر بەرنامەیەکی تۆکمەی سۆشیال میدیاتان نییە ، بەجێ ماوی لە قافڵە ...**

## 5- بازارسازی دەماودەم(زارەکی)

دوبارە سەرنجی ئەم ئامارانە بدە :

92% خەڵکی لەبەر پێشنیار و سپاردەی هاوڕێی و نزیکان زیاتر لە هەر ریکلامێك متمانەیان زیاترە ، ئاگاداربە لە پشت ئەم ژمارەیەوە نهێنیەکی بازارسازی خۆی حەشار داوە :

گەورەترین دارایی بازارسازی  ئێوە ، کڕیارەکانی ئێستاتانن .

ئەگەر هەر موشتەرییەک کە ئێستا هەتە ، موشتەرییەکی هاوشێوەی خۆی بهێنێت بۆ لات ...

داهاتت چەند زیاد دەکات ؟

## 6- بازارسازی کەمپین

توێژینەوەکان و ئەزمون دەری خستوە کە لە کەمپینی فرۆش ئاست و ڕێژەی فرۆش چەندین بەرامبەر زیاترە لە بازارسازی ئاسایی ...

کەمپین پێکهاتوە لە زنجیرەی بەدوای یەکداهاتنی بڵاوکردنەوەی پەیام زانیاری ورد و تەواو بۆ بەرهەم یان کۆمەڵە بەرهەمێك لە ماوە و کاتێکی دیاریکراو ، کە هەموو قۆناغەکان خزمەت بە یەك ئامانجی پەیامدار دەکەن لە چەندین میدیای جۆراو جۆرە بە شێوازی ئۆنلاین و ئۆفلاین.

بۆ نمونە : دەمانەوێت ڕێژەی 100 مایکی براندی dji بفرۆشین بە نرخی 340$ ، بۆ ئەم مەبەستە کەمپەینی بۆ دروست دەکەین ، پەیام و ڕیکلام و ناوەڕۆکی بۆ ئامادە دەکەین لە چەندین میدیای جۆراجۆر ، پاشان بە کەسانی ناوبانگ دەڵێن تێستی بکات ڤیدیۆ بڵاو دەکەینەوە ، وە ئۆفەر و پشتیوانیەکانیش لەو ماوەیدا دەخەینەڕوو ، وە تاوەکو تەواوبونی کاتی کەمپین ریکلام بەردەوامە.

# گرنگترین خاڵی کەمپینی فرۆش

ئەو ماوەی کە خەریکی کەمپینی فرۆشتنی بەرهەمێکی دیاریکراوین
، ریکلام و بازارسازی بۆ هیچ بەرهەمێکی تا ناکەین ...

## 7- جۆرەکانی تری بازارسازی

- بازارسازی ئیمەیڵ : بۆ فرۆشتنی b2b زۆرترین کارایی هەبوە .
- بازارسازی هاوکاری لە فرۆش : لە پای هەرفرۆشێك نسبەیەك وەردەگیرێت .
- بازارسازی ئینفلویسر : ریکلام بسپێرن بەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگا ناسراون گونجاو بە بزنس و بەرهەمەکانتان .
- بازارسازی ئەفیلیەیت : وەرگرتنی ڕیژەیەك لە هەر قەبارەیەکی فرۆش .

و ... هتد

**بەرنامەی شایستە دابنێن بۆ بازارسازی کە گونجاوە بە جۆری بزنس و کڕیارەکانتان .**

# خاڵێکی گرنگ !

گرنگە جۆرەکانی بازارسازی کە باسکران بیگونجێنیت لە گەڵ ئامانجی پلانی فرۆش و جۆری بزنسەك . وە زانیاری و ئاگاداری تەواو بدەن بە تیمی فرۆش و پشتیوانی .

# حەوتەم : ئامانجەکان

بۆ ڕێگری کردن لە گریمانەی شکست ئامانجەکان واقع بینانە داڕێژن .

هەندێ نمونە لە ئامانجەکانی فرۆشتن:

- دیاریکردنی ڕێژەی داهات بۆ یەك ساڵ .
- دیاریکردنی ئامانجی فرۆش لەسەر بنەمای ژمارەی فرۆش
- ڕونکردنەوە ئامانجی فرۆش لەسەر بنەمای ڕاکێشانی کڕیار

ئەم ئامانجانە پێویستە گونجاو بێت بە جۆر و بچوکی و گەورەیی بزنس و کۆمپانیا هەروەها ئەندازی قەبارەی بازار .

# هەشتەم : بوجە و خەرجی

ڕێکخستنی بوجە بنچینەی سەرکەوتنی پلانی فرۆشە ، ئەم بەشە هێندەی هەڵبژاردنی کڕیار و ئاستم و بازار گرنگە ، بۆ تێچووەکان ئەمانەی خوارەوە بە نمونە دەهێنینەوە :

- ❖ فێرکاری و ڕاهێنانی بەشی فرۆشتن
- ❖ چالاکییەکانی تیم و ستاف
- ❖ کڕینی پێویستی و سەرچاوە و ئامرازەکان
- ❖ پاداشت و دیاری بەشی فرۆش
- ❖ تێچوی تر ...

# ئایا بەشێکی تر هەیە بۆی زیاد بکەن ؟


ئەگەر پێویست بوو ، وە ئێمە ئاماژەمان بۆی نەکردووە لێرە بۆی زیاد بکەن ...

# بەژداربە لە تازەترین خولی
# پێشکەوتووی مامۆستا نەزمی قادر





بابەت و ناوەڕۆکی خولەکە تازە و لە هیچ شوێنێك دەستان ناکەوێت وە گونجاوە بە ژینگەی کوردستان.

بۆ سەیرکردنی وانەی خولەکە (کلیك بکە)



بەهەبوونی پلانی فرۆشتن کات و وزە و
سەرمایەتان بەهەدەر نادەن ...





awazhome.com

Nazmi Qadr

Nazmi Qadr

Awazhome Academy
ئەکادیمیای ئاوەزهۆم

07503077651 - 07736983713